Staffordshire and Stoke-on-Trent
Integrated Care System

NHS

# ڕێنمای پاسپۆرتی تەندروستی

## پاسپۆرتی تەندروستی چییە و بۆ کێ دەبێت؟

پاسپۆرتی تەندروستیی شاری ستافۆردشایر و ستۆک ئۆن ترێنت (The Staffordshire and Stoke -on-Trent) بەڵگەنامەیەکە بۆ هەر کەسێک کە کەمئەندامی/ناتوانیی فێربوون، کێشەی فێربوون یان ئۆتیسمی هەیە. پاسپۆرتی تەندروستی زانیاری گرنگ سەبارەت بە شەخس و پێداویستییەکانی چاودێری تەندروستیی ئەوان تۆمار دەکات. ئەگەر پێویستییان بە چاودێری بێت، ئەم پاسپۆرتە یارمەتیان دەدات باشترین چاودێری و ئاگالێبوون وەربگرن.

## سوودەکان و باشییەکانی ئەوەی کە پاسپۆرتێکی تەندروستیت هەبێت چییە؟

- بۆ پاڵپشتیکردن لە ئەو کەسەی کە چاودێری دەکەیت بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی چاودێری تەندروستی ئەو بەڕێوە ببەیت
- بۆ ئەوەی دەستت بگات بە زانیارییە گرنگەکان سەبارەت بە پێداویستییە تەندروستییەکانی ئەوان
- بۆ ئەوەی کە ئەگەر کاتێک پێویستییان بەوە بوو کە بچن بۆ نەخۆشخانە، نۆرینگەی پزیشکی گشتی یان هەر شوێنێکی چاودێریی تەندروستی، پێداویستییە تەندروستی و شەخسییەکانیان بە کارمەندانی ئێن.ئێچ.ئێس (NHS) ڕابگەیەنن و پییان بڵێن.

## لە کوێ دەتوانم پاسپۆرتی تەندروستی وەربگرم؟

دەتوانیت لەڕێگەی ئەو ناونیشانەی خوارەوە پاسپۆرتی تەندروستی بۆ کەسێک کە چاودێریی دەکەیت دابگریت و چاپی بکەیت:
www.staffsstokeics.org.uk/health-passport

هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە تیمی پەیوەندییەکانمانەوە بۆ ئەوەی پاسپۆرتێک وەربگریت. ناونیشانی وێبسایتەکەیان ئەمەیە:
ssotics.comms@nhs.net

## فۆرمی پاسپۆرتی تەندروستی چۆن پڕ دەکرێتەوە؟

دەتوانیت یارمەتیی ئەو کەسە بدەیت کە چاودێری دەکەیت بۆ ئەوەی ئەم بەڵگەنامەیە پڕ بکاتەوە. گرنگە کە تا ئەو جێیەی دەتوانیت زانیاری دابین بکەیت و ئەو زانیارییانە بەڕۆژ و تازە بن.

## ئایا پێویستە کە پاسپۆرتی تەندروستی بەڕۆژ و نوێ بکەمەوە؟

**بەڵێ،** گرنگە کە بەردەوام و بە پێی پلان سەیر کەیت بزانیت هیچ نویکردنەوەیەک پێویستە یان نا. پێویست ناکات گشت بەڵگەنامەکە دووبارە چاپ بکەیتەوە بۆ ئەم کارە - دەتوانیت تەنها ئەو لاپەڕانە چاپ بکەیتەوە کە پیویستە نوێ بکرێنەوە و بگۆڕدرێن.

**لێرەدا چەند نموونەی ئەو کاتانە هێندراون کە پاسپۆرتی تەندروستی دەبێت نوێ و بەڕۆژ بکرێتەوە:**

- هەر گۆڕانکارییەک لە زانیاریی شەخسی ئەواندا وەکوو زانیاریی پەیوەندیی
- گۆڕینی نۆرینگەی پزیشکی گشتیی ئەوان
- دیاریکردنی چاودێری نوێ یان بەرپرسی فریاکەوتنی نوێی بۆ ئەو کەسە
- Cگۆڕانکاری لە دەرمانەکان
- گۆڕانکاری لە بارودۆخ و کێشەی تەندروستی
- گۆڕانکاری لەو شێوازی پەیوەندیکردنەدا کە هەڵیانبژاردووە
- گۆڕانکاری لەو چاودێرییە شەخسییەدا کە هەڵیانبژاردووە
- هەر گۆڕانکارییەکی تر کە کارمەندانی چاودێریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەبێ ئاگاداری بن.

## اسپۆرتی تەندروستی دەبێ لە کوێ هەڵگرم؟

دەبێ پاسپۆرتی تەندروستی لەماڵەوە و بە سەلامەتی هەڵی گریت. ئەو کەسە دەبێت ئەم بەڵگەنامەیە بۆ هەر چاوپێکەوتنێکی چاودێریی تەندروستی لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ ئەوەی کارمەندان بەجوانی لە پێداویستییەکانی ئەو کەسە تێبگەن. دەبێ پاسپۆرتی تەندروستی دوای هەر چاوپێکەوتنێک ببردرێتەوە بۆ ماڵەوە.

## لە کوێ دەتوانم زانیاریی زیاتر دەست بخەم؟

بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی پاسپۆرتی تەندروستی و بۆ دۆزینەوەی ڕێنمای بەکەڵک سەردانی ئێرە بکە: www.staffsstokeics.org.uk/health-passport. هەروەها دەتوانیت لەڕێگەی سکەنکردنی ئەم کۆدی QR بە مۆبایلەکەت، ئەم زانیارییانە وەربگریت.